خولی ئەڵمانیا.. دەرتمەند سێ خاڵی گرنگی بەرامبەر ولفسبەرگ بەدەستهێنا

لە خولی ئەڵمانیا دەرتمەند سێ خاڵی گرنگی بەدەستهێنا دوای بردنەوەی لە ولفسبەرگ بە دوو گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک.

لە هەفتەی 21ی خولی ئەڵمانیا، یانێی بەروسیا دەرتمەند لە دەرەوەی یاریگای خۆی بووە میوانی یانێی ولفسبەرگ.

لە تایمی یەکەمدا، یاریزانانی یانێ چەند هەرشەکیان کردە سەر گۆڵی یەکتر تا لە خولەکی 38 جولیان براندت گۆڵێکی بە دەرتمەند تۆمارکرد.

لە تایمی دووەمدا و لە خولەکی 52 کولەراکیس ئەنجامەکەی بە ولفسبەرگ یەکسانکردەوە بەڵام لە خولەکی 87 سیرە گیوراسی دەرتمەندی کردە خاوەنی گۆڵەکیتر و سەرئەنجام یاریەکیان بە ئەنجامی دوو گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک بردەوە.

لە یاریەکانی تری هەمان هەفتە، یانێی شتوتگارت رووبەڕووی سانت پاولی بووەوە و بە ئەنجامی گۆڵێک بەرامبەر دوو گۆڵ یاریەکەی پێدەڕاند، هامبەرگ بردنەوەی بەسەر هایدنهایم بەدەستهێنا.

دەرتمەند بە 48 خاڵ لە پلەی دووەمی ریزبەندیدایە و جیاوازیەکەی لەگەڵ بایرن میونشنی پێشەنگ بە شەوێکی کاتی بە سێ خاڵ کەمکردەوە، شتوتگارت لە پلەی چوارەمدایە، هامبەرگ لە پلەی 12 دەبینرێت.